د. غاندي کەسنەزانی پەرلەمانتاری عێراق کۆچی دوایی کرد

د. غاندی مەحەمەد عەبدولکەریم عەبدولقادر کەسنەزانی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی، هەروەها برای شێخ نەهرێی کەسنەزانی ڕێبەری تەریقەتی قادری کەسنەزانی کۆچی دوایی کرد.

میدیاکانی عێراق ئاماژەیان بەوەکرد کە د. غاندی تووشی جەلتەی دڵ بووە و دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانەی یەرمووک لە بەغداد گیانی لەدەستداوە.

غاندی مەحەمەد کەسنەزانی ساڵی 1972 لەدایکبووە، سیاسەتمەدارێکی عێراقییەو پێشتر لەسەر پشکی هاوپێمانی تەفەدوم کە مەحەمەد حەلبوسی سەرکایەتی دەکرد ببووە ئەندامی پەرلەمانی عێراق.